# بەرەو 8ی مارس

## 2

بژی 8ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن.

بلاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق دەری دەکات

www.equalityiniraq.com

28.02.2005

## لە 8ی مارسدا دەبێ ڕوویەکی تری کۆمەڵگای عێراق نیشانی دنیا بدەین.




ناسك ئەحمەد

یەك خالی هاوپەشی ئەو هێزانەی کە ئەمرۆ بە پشت وپەنا وبە دەستی دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا ئەیانەویت حکومەت لە عیراقدا دابمەزرێنن تا ئەگات بە خودی دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا وشەخسی بوش، هاوکات ئەو هێزە بۆرژوا قەومی وئیسلامیانەشی کە لە دەرەوەی نەخشەی ئەمەریکان بۆ حکومەت کردن، دژایەتی و ناکۆکیانە لەگەڵ ماف وئازادی ژندا. ئەم هێزانە هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە عیراقدا دەبێ یاسا و قانوون بە پێی شەریعەتی ئیسلام دابرێژرێ. ئەوەی کە هەندیکیان دەلێن تەنیا سەرچاوە دەبێت ئیسلام بێت و هەندیکی تریان دەلێن نا با ئیسلام تاکە سەرچاوە نەبێت و کەلك لە مەزهەبەکانی تریش وەرگرین، وە بەمەش دەیانەوێ خاڵی ناکۆکی نیشان بدەن و دەرەجەی دوور و نزیکیان لە مافی ژنەوە دەست نیشان بکەن، قسەیەکی پووچە. چ مەزهەبیك تا ئیستا یەك زەررە ئینسانیەتی لەگەڵ ئینسان و مافی ژندا نیشان داوە؟ هیچ.

هەموو مەزهەبەکان بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای بەشەری کاریان ئەسیرکردن و کۆنترۆلکردنی ئینسان و نامۆکردنی ئینسان بووە بە خۆی و دەوروبەری، تاوانکاری و قەتل وعامیك کە ئەم مەزهەبانە بەرییا نخستووە بەستراوەتەوە بەوەی کە چەندە هێز و قودرەتیان هەبووە لە کۆمەلگەدا.

ووتم کە خاڵی هاوبەشی هێزەکانی سیناریۆی ڕەش لە عیراقدا ڕەنگ کردنی کۆمەلگەی عیراقە بە قانوون و فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی. دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا لە زمانی بووشەوە پێش ئەوەی هێرش بکەنە سەر عیراق و داگیرییکەن، ووتیان ئێمە لە عیراقدا ئیسلام ئە پارێزین و بەرگری لێئەکەین. ئەو پێشنیارەی دایان بە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی عیراقی لە لەندەن پیش جەنگ، دامەزراندنی دەوڵەتیك بوو لە عیراقدا کە دەستوورەکەی لەسەر بنەمای ئیسلام دامەزرابێت. ناسیۆنالیزمی کورد( بە مەشەخەسی یەکیتی و پارتی کە چواردە ساڵە لەکوردستانی عیراقدا دەسەلاتیان بەدەستە ) جگە لەو قانوون و یاسا ئیسلامیەی رژێمی بەعس کە سی و پێنج ساڵ خەلکی عیراقی پێ گیرۆدەکرد، قانوون و یاسایەکی تریان بەقورگدا نەچووە خوار.

کوشتنی هەزارەها ژن بە بیانووی پیسی ناموسی و بە پێی قانوونی ئیسلامی و خۆسووتاندنی ژنان... بۆ لاپەڕە 2

## لە عاشورای تارانەوە!

بە پێیَ راپۆرتیك کە رۆژنامەیەکی جمهوری ئیسلامی بلاویکردۆتەوە، لە گۆشەیەکی راپۆرتەکەدا هاتووە و دەلێ:

***( لە مەراسیمی عاشورادا کە هاوشیوەی جەژنێکی نێو جادە بوو ژنان وکچانی بە حیجاب و بێ حیجاب بە لەچکی گەشتیاری وکورانی شێوە غەربی عاشوراو هەریسەی عاشورا وبیرەباوەر وموقەدەساتی موسلمانانیان کردە جێگای سوکایەتی و گالتەجاری. ئەم ژمارەیە لە کچان وکوران کە زیاتر لە 500 کەس دەبوون کۆریان هەر بەرەو زیادبوون دەچوو، دەوروبەری کاتژمێری 9 کاتێك ( سەردار تەلایی) فەرماندەی هێزی سەربازی سوپای تاران ئامادەیی مەراسیمەکە بوو بە هەلهەلە وفیکەو چەپلەلیدان کەوتنە دوای تا لە مەیدانی موحسن کەوتنە موهالێکردنی وراویان نا)***



ئەمسالٚ وهەر لەم رۆژەدا مەلاکانی عیراق کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەمەریکادا هێز و توانایان بەبەردا کراوە و لەسیناریۆی گاڵتەجارانەی هەڵبژاردندا تیرۆریزمەکەیان قانوونیەتی لە دیموکراسی ئەمەریکا وەرگرت. مەراسیمی عاشورایان کردە نیشاندانی هێزی تۆقێنەریان لە دژی کۆمەلگەی مەدەنی عێراق، و ئەو ئاوات و ئامانجە ئینسانیانەی کە چەندین دەهەیە خەلکی عێراق لە پێناو بەدیهێنانیدا تێدەکۆشێ. نمایشی عاشورای ئەمسالی سیستانی و هاوشێوەکانی بەرهەم هاتووی کۆمپانیاکانی حەوزەی جەهالەت وخورافەی قوم، کە جیگای گالتەجاری وفیکەکیشانی لاوان و ئازادیخوازانی ئیرانە، بە کردەوە نیشاندانی هێزی ئەو هەرەشەیەیە کە دوای هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلام لە عیراقدا تێدەکۆشێ. بەم مانایە نمایشی ئەمسالی عاشورا نمایشی هێزی ئەو باندە رەشە بوو کە دەیەوێت دەسەلات لە عێراقدا بەئیسلامی بکات.

ئەگەر ئەو نمایشە کە بەپێی سەرەتاییترین عورف و عادەت و قانوونی ئینسانی قەدەغەیە، ناچار بکرایە لەدەشت وبیابانە چۆلەکانی دەوروبەری پاریزگای ئەنبار و بە دوور لە چاوی کامێرا بەرێوە بچوایە گومانی تێدا نییە کە دەست و پێوەندەکانی سیستانی خۆشیان ئامادەی نەدەبوون.

ئەم نمایشە بۆیە لە نێو چەقی شارەکانی خوارووی عیراق و بە پێش چاووی دەیان میدیاوە بەرێوە دەچێت تا بە خەلکی بلێن هێزمان هەیە، تا بە دنیا بلێن ئەمە فەرهەنگی خەڵکە، میدیاکانی درۆهەڵبەستنیش لەسەر کردنی ئەم سوونەتە دژی ئینسانیەی ئیسلامی سیاسی بە سوونەتی خەلك نان دەخۆن. پاشماوە بۆ لاپەڕە 2

**لە کۆمەڵگەیەکدا ژن چەوساوە وزیندانی بێت ، خودی ئازادی لە قەفەسی زینداندایە، ئینسانیەت لەژێر پرسیاردایە. ئەگەر ژن لە ژێر هەرەشەی کوشتندا بێت، ئەگەر ژن لەمەترسیدا بێت ئەوە ئازادی لەهەموو کۆمەڵگە قەدەغە کراوە. هێزیك ناتوانێ تەنانەت ئیدعای دیموکراتی بوون بکات ئەگەر رەخنەی نەبێت بە حیجاب، بە حیجابی رەمزی کۆیلایەتی ژن. هێزیك ئەگەر رەخنەی نەبێت بە هەلومەرجی ئێستای ژن، ناتوانی بەهیچ پێوانەیەك نزیکایەتی خۆی لەگەڵ مودێنیزمدا بسەلمێنێ. ئازادی ژن و رزگاربوونیان لەکۆت وبەندی پیاوسالاری و یاسا ئیسلامیەکان و یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا لە عێراقدا کاریگەرییەکی قوڵ نەك تەنها لەسەر ژیان وگوزەرانی جەماوەری فراوانی خەڵك و ژنان لەو وولاتەدا دائەنێ بەڵکو کارییگەرییەکی قووڵ لەسەر تەواوی دنیاو ناوچەکەو هاوکێشە سیاسیەکانی جیهانی ئەمرِومان دائەنێ و دنیا بەرەو باشتر و هاوچەرخ تر ئەچەرخێنێ.**

**بەرووی بەئیسلامیکردنی دەستوور و یاسا لەعێراقدا وەرنە مەیدان.**

*پاشماوەی سەرووتار.................*

سیمای بەرجەستە وبەرچاوی دەسەڵاتی ئەوان بووە و هەیە. پەیامی ئیسلامی شیعەش لە زمانی سیستانیەوە ئاشکرایە کە بەکەمتر لە دەولەتی ئیسلامی دڵیان ئاوناخواتەوە، هێز وگرووپەکانی تری ئیسلامی سیاسیش ئەوە رۆژانە لە کۆڵان ومالەکان وشەقامەکانی عیراقدا حکومەت وقانوونی بەربەریەتی ئیسلامی بەرێوە ئەبەن. تا ئێستا و ئەم لەحزەیەش کۆمەڵگای عیراق هێزێك حیزبیکی سیاسی ناسیۆنالیستی بەخۆوە نەبینیوە کە خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەت یان هەلوەشاندنەوەی قانوونی ئیسلامی بێت، شتێکی لەم بابەتە خەیاڵە. چ ناسیۆنالیزمی عەرەب چ کورد پیکهاتەو بونیادیکی ئەسلیان مەزهەب و شەریعەتی ئیسلامە وە تا هاتوون ئیسلام وناسیۆنالیزمیان پیکەوە لیًك گرێداوەوە، وویستویانە کۆمەلگەی لەسەر باربێنن.

لەعێراق نەك لە ئیستادا و لەماوەی 35 ساڵی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا، بەلکو ئەو دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکانەی کە لەعێراقدا هاتوون، پایەیەکی ئەسلی و میحوەری دەسەڵاتەکەیان، تەقدیس کردن وتووندکردنەوەی زنجیرەکانی دەست وپێی ژنان بووە، ئیسلام وقانوونی ئیسلامیان بەسەرسەری جەماوەرەوە راگرتووە. وە ئەم میراتە رەشەیان یەك لە دوای یەك داوە بەیەکتر، ناسنامەی پیاوسالاری نیشانەیەکی رۆشن وئاشکرای ئەو حکومەت ودەسەڵاتانە بووە و مەزهەب و ئیسلامیان بەسەر سەری خەڵکەوە وەك فەرهەنگ وەك قانوون وەك دەسەڵات راگرتووە. بەڵام لە دڵی کۆمەلگەی عێراقدا، هەر لەم عێراقەدا کە ئیستا سیستانیەکان و تالەبانی و بارزانیەکان و عەلاویەکان فرسەتی ئەوەیان بۆ هەلکەوتووە بە ناوی خەلکەکەیەوە دەم راستی بکەن، ملیۆنەها لاوو ژن وپیاوی ئازادیخواز خوازیاری هەلگرتنی دەستی مەزهەب وشەریعەتن بەسەر سەریانەوە، ئەم جەماوەرە عەزیمە ژیان وکردەوە و بیرکردنەوە وئەندێشەیان نامۆیە بە ئیسلام ومەزهەب، بە شیوەیەکی تر خوازیاری ژیانکردنن، حەزیان بە تەکنەلۆجیای سەردەم و فەرهەنگی ئینسانی ومۆدیرنە، کۆمەڵگەیەکیان دەوێت، کە تیایدا دین لە دەوڵەت یاسا و پەروەردە جیا بێت، هەموو هاووڵاتی یەکسان و خۆش گوزەران بن، شەری کورد وعەرەب و تورك و سووننە وشیعە لە ئارادا نەبێت، ژن و پیاو یەکسان بن، چەوساندنەوەی ژن خەبەری لیّ نەبیت، لاوان ئازاد بن و ئارەزوو خواستەکانیان پیادەبکەن و کۆمەڵگە لە داهێنان بەهرەمەند بکەن. ئەم جەماوەرە فراوانە عیراقی دابەشکراو بەسەر مەزهەب و قەومیەت و تایەفە جیاجیاکانی ناویت، عیراقی ئینسانە ئازاد و یەکسانەکانی دەوێت.

بۆ ئەوەی کۆمەلگەی عیراق روو لە ئایندەیەکی گەش و ئینسانی بکات، بۆ ئەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی و ئەمەریکایی لە عیراق پاککریتەوە، بۆ ئەوەی چارەنووسی خەلك لەدەست دەستەو تاقمی دینی و قەومی رزگارکریّ، بۆ ئەوەی دین لە دەوڵەت ویاسا وپەروەردە جیابێت، بۆ ئەوەی یەکسانی ژن و پیاوو ئازادی بچەسپێت. ئەم جەماوەرە عەزیمە دەبێ هەستیّ وبیتەمەیدان. رۆژی جیهانی ژن، ئەو رۆژەیە، کە خەلکی عیراق روویەکی تر، روویەکی گەش وئینسانی لە کۆمەڵگەی عیراق نیشانی دنیا بدات.

*پاشماوەی لە عاشورای تارانەوە............*

لەبەرامبەر ئەمەدا، بەرەی رادیکاڵ و ئینسانی و ئومێدەوار بە دنیایەکی باشتر و خۆشگوزەران دەبێ نمایشی گەورە و نەبەرد لەخۆ نیشان بدات، وەك لاوانی کچ و کوری ئازادیخوازی ئیران. ببن بە دەنگێکی گەورە ، ببن بە نەخێریکی گەورە. رۆژی جیهانی ژنی ئەمساڵ بە پشتیوانی ئازادیخوازان ولایەنگرانی ئینسانیەت لە دنیا دەتوانێ ئەلقەیەکی گرنگی هاتنە مەیدانی ئەم هێزە ئینسانیە بێ. دەبێ بەرەی رزگاریکەری کۆمەڵگا لەبەرامبەر بەرەی رەشدا بێتەمەیدان. چارەنووسی ئایندەی کۆمەڵگەی عێراق بە کێشمەکیشی نێوان بەرەی رادیکاڵ و یەکسانیخواز لەگەڵ ئیسلامی سیاسی قەدەغەکراوو رێگەپێدراو لەلایەن ئەمەریکاوە گرێی خواردووە.

## 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان بەرز وبەرێز بێت!

**با 8ی مارس بکەینە رۆژی نارەزایەتی دەربرین دژ بەهەموو هەڵاواردنێکی جنسی!**

**نا بۆ دەستوری ئیسلامی، بەڵێ بۆ جیایی دین لە دەوڵەت!**

**بەم بۆنەوە:**

**ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق_ سوید.**

**سازمانی رەهایی ژن لە ئیران_ سوید.**

**ئاهەنگێك بە موزیکی زیندوو لە شاری یۆتۆبۆری ساز دەکات. رۆژی هەینی 4ی مارسی2005 کات : 19.00.**

**رۆژی 8ی مارس، سێ شەممە، کاتژمێر 16 تا 18 لەسەنتەری یۆتۆبۆری BRUNDSPARKEN ئاکسیۆنیك بە هاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران_ حیکمەتیست ریّك دەخریّت.!**

**ئامادەبوونتان لەم چالاکیانە هەنگاویکی گەورەیە لە راستای بنیاتنانی کۆمەلگەیەکی مۆدیرن و دوور لە هەڵاواردن!**

**ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق!**

## بەرەو 8 ی مارس

بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە، ریّکخراوی ئازادی ژن لە عیّراق بۆ پیّشوازی لە 8 ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان، دەری دەکات!

سەرنوسەر: ناسك ئەحمەد

nasikahmad2@yahoo.com

سەرپەرشتیار: عمر احمد ( خطاط )



## لەکۆمەڵگەیەکی تەقلیدی یەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سکولار

**ئالا فەرەج سەنوسەری بلاوکراوەی "یەکسانی" لەمیزگردیکی رۆژنامەگەریدا لەشاری سلمیانی بەشداردەبی**

لەبەرواری 19-2 بلاوکراوەی "پێگە" کە بلاوکراوەی رۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆیە، مێزگردێکی رۆژنامەگەری لە هۆڵی ئاشتی شاری سلەیمانی بۆ هەریەك لە (ئالا فەرەج) سەرنووسەری بلاوکراوەی یەکسانی و (هاوژین مەلا ئەمین) سەرنووسەری بلاوکراوەی (ریفۆرم) و (فەیسەل محمد) لە بلاوکراوەی (پێگە)وە ساز کرد، ئەم مێزگردە تایبەت بوو بە باسی هەل ومەرجی ژنان و چۆنیەتی گۆرینی ئەم هەل ومەرجە و چۆنیەتی ئالو گۆرپیدانی کۆمەلگا لە کۆمەلگایەکی سونەتی‌یەوە بۆ کۆمەلگایەکی عەلمانی ، هەروەها تەرح و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ریگاکان و میکانیزمی ئەو ئال و گۆرەو دەوری ریکخراوەکانی ژنان و زەرورەتی رۆلی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەدوای هەلبژاردنەکانی عیراق باسی دورو درێژی لی کرا...

**ریکخراوی ئازادی ژنان لەعێراق**

**2005/2/21**




## مۆنالیزاکانی عێراق!!